# ئاگاداری و مەرجەکانی پێشکەشکردن و وەرگرتن بۆ نیشتەجێی دێرینی وەرزی دووەم ساڵی ٢٠١٥

ئاگاداری هەموو ئەو پزیشکە بەڕێزانە دەکەینەوە کە ئارەزووی پیشکەشکردنیان هەیە بۆ نیشتەجێی دێرینی ئەوا پێشکەشکردن دەست پێدەکات لە بەرواری ٢٠١٥/١١/١ تا بەرواری ٢٠١٥/١١/٢٠ لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەمان erbilhealth.org

١- فۆرمی پیشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی لە ماڵپەرەکەمان دەست دەکەوێت.

٢- هیچ داواکاریەك بەدەست وەرناگیرێت.

٣- پێویستە پزیشك خۆی تۆماربکات لە سایتی erbilhealth.org وە approveکرابێت تاکو بتوانێت پێشکەش بکات بۆ نیشتەجێی دێرینی وە بە پێچەوانەوە ناتوانێت پێشکەش بکات.

**مەرجەکان:**

a- پزیشك دەبێت ماوەی پلەبەندی تەواو کردبێت یان مانگێکی مابێت بۆ تەواوکردنی.

b- ئەو بەشانەی کە تەنها یەك ساڵی خزمەتیان پیویستە بریتین لە :

1- پزیشکی دادوەری 2- پزیشکی سڕکردن

c- ئەو بەشانەی کە تەنها ١٨ مانگ خزمەتی پێویستە:

1- نەخۆشیەکانی گورچیلە 2- پزیشکی خێزانی

d- ئەو بەشانەی کە تەنها دوو ساڵی خزمەتیان پێویستە:

1- پزیشکی دەروونی 2- نەشتەرگەری میشك و بربڕەی پشت 3- منداڵان 4- نەشتەرگەری دڵ و سینگ

5- کۆمەڵەی دەمار(Neurology)

e- ئەگەر میلاکی پێویست دابین نەبوو، دەکرێت تەنها بە خزمەتی دوو سال لە بەشەکانی هەناو، نەشتەرگەری گشتی، ئافرەتان وەربگیرێن لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەرەوەی شار.

**ئەم بەشانەی کە دەکرێنەوە:**

1. نەخۆشیەکانی گورچیلە
2. قورگ و لووت و گوی
3. نەشتەرگەری چاو
4. شکست
5. نەشتەرگەری میزەڕۆ
6. چارەسەری سروشتی و روماتیزم
7. نەشتەرگەری جوانکاری
8. نەشتەرگەری گشتی
9. نەشتەرگەری منداڵان

10. نەشتەرگەری مێشک و بڕبڕەی پشت

11. نەشتەرگەری دڵ و سینگ

12. هەناو

13. منداڵان

14. ئافرەتان

15. دەروونی

16. سڕکردن

17. شێرپەنجە(Medical oncology)

18. چارەسەری تیشك(Radiation oncology)

19. Cardiology

20. کۆمەڵەی دەمار (Neurology )

21. پزیشکی دادوەری

22. نەشتەرگەری ڕوو و شەویلاگ

23. پزیشکی فریاکەوتن

24. پزیشکی خێزانی

25. پێست

26. Clinical hematology

د. عبدللە فتنی یزدین

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان

تێبینیەکان:

- ئەو دۆکیومێنتانەی کە پێویستن بریتین لە فۆڕمی پێشکەشکردن بۆ نیشتەجێی دێرینی)لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بە دەست دەکەوێت erbilhealth.org ) لەگەڵ بەڵگەنامەی دەرچوون لە کۆلێژ.
- داواکارییەکان تەنها لە ڕێگەی ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان دەبێت.
- هەر داواکارییەک پاش ماوەی دیاری کراو پێشکەش بکرێت پشت گوێ دەخرێت.
- پزیشکی نیشتەجێی دێرینی پێست دەبێت بۆ ماوەی یەك ساڵ وەك پزیشکی نیشتەجێی دێرینی هەناو کاربکات لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دەرەوەی شاری هەولێر.
- پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە بەشەکانی هەناو، نەشتەرگەری گشتی، و میزەڕۆ دوای وەرگرتنیان میلاکیان دەبێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەولێر پاشان بەپێی پێویست، تەنسیب دەکرێن بۆ نەخۆشخانەکانی تر.

- ئەو پزیشکانەی میلاکی دەرەوەی شارن لەسەر میلاکی دەرەوە وەردەگیرێن، بەڵام لەکاتی پێویستدا لیژنەی ڕاوێژکاری دەتوانێت بڕیار بدات بە وەرگرتنیان لە بەشەکانی پێویستی ناوشار.
- لیژنەی ڕاوێژکاری لە ڕۆژانی چاوپیکەوتندا دەتوانێت ئاسانکاری بکات بۆ وەرگیران لەو بەشانەی کەوا پێویستن و پێشکەش کردن بۆیان کەمە.
- لە ساڵی نوێ(٢٠١٦) ئەم ڕێنماییانە جێبەجێ دەکرێت:

١- سوپاس و پێزانین لەگەڵ سزا ئەژمار دەکرێت.

٢- ژمارەی ساڵەکانی خزمەت وەکو پزیشکی شارەزا ئەژمار دەکرێت.

٣- زنجیرەی ڕێزبەندی دەرچوون لە کۆلێژ بە ڕێژەیی ئەژمار دەکرێت لەجیاتی نمرەی کۆلێژ.